Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafi Mirovi Kurd

**Kurdish Human Rights Association**

حکومەتی AKP لە تورکیا لە گەڵ ئەوەی بانگەشەی دیموکراسی و پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکات، هەموو لایەك باش دەزانن کە ڕێژەیەکی زۆر لە زیندانیان لە ناو بەندیخانەکانی تورکیە زیندانیانی سیاسی و هەڵسوراوانی مەدەنین، کە ئەمە خۆی جێگەی لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی هەیە، لە لایەکی ترەوە ئێمە ئاگادار کراوینەوە کە مافە کانی بەندکراوان لە ناو بەندیخانەکاندا بە شێوەیەکی بەربلاو پێشێل دەکرێت و ئەرکی ناوەند و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانە کە چاودێری ئەم ڕەوشە بکەن و پاڵنەرێك بن بۆ کۆتایی هێنانی پێشێل کاری مافی مرۆڤەکان لە هەرشوێن و بارودۆخێك دا. هەرچەندە کە بە پێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنە ناو نەتەوەیەکان لە سەر ئەوەی کە کەس نابێت لە سەر بیر و باوەڕی سیاسی یان ئایینی بخرێتە ژێر گوشار و ناوبەندیخانە، ئێمە پێمان وایە دەبێت حکومەتی تورکیا بە زوو ترین کات ئەم بەندکراوانە ئازاد بکات.

هەروەك ئاگادارن لەم ماوەیەدا سەدان چالاکی سیاسی و بواری مەدەنی لە شوێنە جیاجیا کانی جیهان مانیان لە خواردن گرتوە 15 کەس ئێستا لە ستراسبۆرگ ماوەی 44 ڕۆژە مانیان گرتوە و کۆمەلێك داواکاریان هەیە،کە بۆ پشتیوانی لە داوخوازی بەندکراوانی سیاسی تورکیە کە 56 ڕۆژە مانیان لە خواردن گرتوە بۆ وەدی هێنانی داوخوازیەکانیان کە بۆ لابردنی فشارەکانی حکومەتی تورکیە لە سەر کەسایەتی سیاسی کورد و ڕەوشی نالەباری بەرێز عەبدولا ئۆجەلان کە نزیکەی هەشت مانگە مافی دیتنی لە گەل پارێزەرەکانی پینەدراوە،  پێویستە ناوەندە جیهانیەکان کە چاودێری و بەرگری لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن بەدوور لە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی گوێ لە داواکاریەکانی ئەم چالاکانە بگرن و پشتیوانی لە داوخوازیە ڕەواکانی ئەم مانگرتوانە بکەن و داوا لە حکومەتی تورکیە بکریت بۆ پاراستنی مافی سیاسی تاکی کۆمەڵگا و نەهێشتنی هەڵاواردنی سیاسی و ئێتنیکی لە ناو تورکیە دا.

ئێمە وەك کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد ساڵی 2005 بە مەبەستی چاودێری و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی سوید دەستمان بە کار کردوە و هەوڵمان داوە کە پارێزەری بنەماکانی مافی مرۆڤ بین، ئێمە داواکارین کە بە زوو ترین کات ڕێکخراوی خاجی سور و ئامنستی ئینترناشناڵ و CPT ،سەردانی بەندیخانەکانی تورکیا بکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی تەندروستی بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی بن.

لە کۆتایی دا داواکارین هەر چی زوتر خواستەکانی مانگرتوان بە جێ بگەیەنریت و مانگرتوان چ لە ناو بەندیخانەکان دا و چ لە دەرەوەی بەندیخانەکان دا کۆتایی بە مانگرتنیان بهێندرێت . درێژەدانی ئەم مانگرتنە دەبێتە مەترسی بۆ سەر گیانی مانگرتوان و ڕەوشی نالەباری

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

**Kurdish Human Rights Association**

---

جەستەییان ئەوەندەی ترمان نیگەران دەکات سەبارەت بە مەترسی گیانی مانگرتوان، هەروەها داواکارین لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان کە نەهێڵن هەلومەرجی سیاسی کاریان تێبکات و ڕێگەیان لە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و لە بەرامبەر هەر پێشێلکاریەکی مافەکانی مرۆڤ لە هەرشوێنێکی جیهان دا هەڵوێستیان هەبێت.

20120414

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد -ئوروپا